# چەند ڕێگەیەك بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاشوب وفیتنە

**وەرگێڕانی بە دەستكاریەوە:**

**م/ عدنان بارام**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی نوسەر:

١ - جێ بەجێ كردنی یەكخوا پەرستی تەواو بۆ خوای پەروەردگار و پەرستنی بەتاك وتەنهایی، ئەو خوایەی كە فەرموویەتی:

﴿ كُلَّ يَوۡمٍ هُوَ فِي شَأۡنٍ ﴾[1].

واتە: هەموو كاتێك خوای پەروەردگار قەزاو قەدەری خۆی دەگێڕێت، كەسانێك پایەدار دەكات و كەسانێك بێ نرخ دەكات، وە فەرموویەتی:

﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ ﴾[2].

واتە: هیچ موسیبەت و شتێك ڕوونادات و تووشی كەس نابێت ئیللا بە فەرمانی خوا نەبێت.

٢ - یەكبوون ویەكگرتن و یەك خستنی دڵەكان لەسەر بنەوای تەنها خۆشەویستن لەبەر خوا، وواز هێنان لە دووبەرەكی وجیاوازی، و دەست گرتن بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾[3].

واتە: هەمووتان دەست بگرن بە پەتی پتەوی خوای پەروەردگارەوە كە قورئانی پیرۆز و ئایینەكەیەتی، و دووبەرەكێ و تەفریقەش لە نێوان خۆتاندا مەنەنەوە، وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمویەتی: (تركت فيكم أمرين، لن تضلوا ما إن تمسكتم بهما: كتاب الله وسنتي، ولن يتفرقا حتى يردا على الحوض)[4].

واتە: دوو شتم تێدا بەجێ هێشتوون، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن، ئەوانیش: قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانم، لە یەكیش جیانابنەوە تاكو پێم دەگەن لەسەر حەوزی كەوسەر.

---

(١) ( سورة الرحمن: ٢٩ ) .

(٢) ( سورة التغابن: ١١ ) .

(٣) ( سورة آل عمران: ١٠٣ ) .

(٤) (حسنه العلامة الألباني في: كتاب مترلة السنة) .

٣ - بەپەرۆش بوون و هەوڵدان بۆ ئەنجامــدانی پەرســتش وکـرداری چـاك، چونكە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی: (الْعِبَادَةُ فِي الْهَرْجِ، كَهِجْرَةٍ إِلَيَّ) [٥] .

واتـــە: پەرســـتش لەســـەردەمی ئاشـوب و فیتنـەدا وەكـو كـۆچ كردنێكـە بۆلای من .

٤ - بەردەوام بوون لـە تۆبـەكردن، وداوای لێخۆشبوون لـەخوای پـەروەردگار، و زۆر وتنی: (سبحان الله)، و پاڕانـەوە لـە پـەروەردگاری میهرەبـان، چـونكە خـوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾ [٦] .

واتـە: ئەگـەر سزا و ناڕەحـەتی ئێمـەیان تووش بێـت، پێویسته ئـەوان مـل كەچـی خۆیـان دەربـڕن و بگەڕێنـەوە بـە تۆبـە كردن و پاڕانەوە، بەڵام دڵەكان ڕەق بووە و نــەرم نــابن لــە ئاســتی ڕەوایيــدا، شـەیتانیش ئـەوەی بـۆ ڕازاندوونەتـەوە، ئەوەش بەوەی كە وای لێ دەكردن كە ئەو كردەوانـەی پـێی هەڵدەسـتن ڕەوایـە و دینـی ڕاسـت و ڕەوایش هـەر ئەوەیـە كـە ئەوان لە سەرین .

بۆیە پێشەوا (علي) كوڕی (أبــو طالب) ﷺ فەرمویەتی:

(ما نزل بـــلاء إلا بـــذنب، ولا رفـــع إلا بتوبة).

واتــە: هـیچ بەڵایـەك دانـەبزێنراوە ئـیللا بەهۆی تاوانەوە بووە، وهەڵیش نـەگیراوە ئیللا بەهۆی تۆبەكردنەوە نەبێت .

٥ - گرنكـــی دان بەداڕشـــتن و دامەزرانـــدنی بنـــەوا زانـــستیەكان و بـــە دەســـت هێنانیـــان، لەســـەر پـــەیڕەو و مەنهـەجی ڕاسـت و دروسـتی سـەلەفیەت، كە ئەو ئاینەیە (محمد) ﷺ پێـی هـاتووە، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾ [٧] .

واتە: خوای پەروەردگار بەندەكانی لـەوە ئاگادار دەكاتەوە كە نابێت هـەموویان لـە كـــاتی بانگـــەواز كردنـــدا بـــۆ جیهـــاد و تێكۆشـان دەرچـن بـۆ تێكۆشـان لەگـەڵ دوژمنانیاندا، بەڵكو دەبێت كۆمـەڵانێكیان خەریكی فێر بوونی زانستی شـەرعی بن، بـۆ ئـەوەی موسـڵمانان ئاگـادار بكەنـەوە دوای گەڕانـەوەیان لـە تێكۆشـانیان، بـۆ ئەوەی بە ئاگا بـن لـە سـنووره شـەرعی و قەدەغەكراوەكانی خوای پەروەردگار .

چـونكە یـەكێك لـە نیـشانەكانی هاتن ونزیك بوونەوەی قیامەت ئەوەیە كـە زانـستە شـەرعیەكان لـەناو موسـڵماناندا كـەم دەبنـەوە و نـەفامی و نـەزانی بـڵاو

(٥) (مسلم: ٢٩٤٨) .

(٦) (سورة الأنعام: ٤٣) .

(٧) (سورة التوبة: ١٢٢) .

دەبێتەوە، هەر وەکو پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(من أشراط الساعة أن يرفع العلم و يظهر الجهل)[٨].

واتە: یەکێك لە نیشانەکانی هاتن ونزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت ئەوەیە کە زانستە شەرعیەکان لەناو موسڵمانان‌دا کەم دەبنەوە و نەفامی و نەزانی بڵاو دەبێتەوە .

٦ - کۆبوونەوە بەدەوری زانایانی خواویست، وبانگەشەکارانی ڕاستگۆ بۆ زانینی حوکمە شەرعیەکان سەبارەت بە ئاشوب وفیتنەکان، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾[٩] .

ئەم فەرمایشەی خوای پەروەردگار سەرزەنشتێکە بۆ بەندەکانی لەسەر ئەو کردەوە نا لایقەی کە ئەنجامیان داوە، بەڵکو پێویست بوو لەسەریان لە کاتی پێگەیشتنی خەبەرێکی گرنگ و تایبەت بە بەرژەوەندیە گشتی‌یەکان کە پەیوەستە بە ئەمن و ئاسایشی موسڵمانانەوە، یان پەیوەستە بە ترسەوە، کە بەڵاو موصیبەتە بۆ هەموو موسڵمانان، ئەوا پێویست وایە کە دڵنیاکاری بکەن لە هەواڵەکە، و نابێت پەلە بکەن لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە، بەڵکو پێش بڵاوکردنەوەی بیگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەری خواﷺ، و کاربەدەستان و سەرپەرشتیارانیان، لە کەسانی زانا و خاوەن بۆچوون و ئامۆژگاریکار و خاوەن هۆش و هزر، ئەوانەی کە شتەکان دەزانن و دەشزانن کە بەرژەوەندی موسڵمانان لە کوێیە، یان دژەکەی چی‌یە، جا ئەگەر بە باشیان زانی ئەو هەواڵە بڵاو بکرێتەوە بە ناو موسڵمانان‌دا، و لە بەرژەوەندی ئەواندایە ئەوا با بڵاو بکرێتەوە، وە ئەگەر بەرژەوەندی لە پێچەوانەکەیدا بوو ئەوا با ئەوەیان بێت .

پێشەوا (ابن القيم) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستاکەی - شێخی پایە بەرزی ئیسلام (ابن تيمية) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - لەجێ گیربوونیان و لە کاتی ڕووتێکردنی فیتنە و دڵتەنگی فەرمویەتی:

(وكنا إذا اشتدَّ بنا الخوف وساءت منا الظنون، وضاقت بنا الأرض؛ أتيناه، فما هو إلا أن نراه ونسمع كلامه فيذهب ذلك كله عنا ) .

واتە: ئەگەر ترسەکانمان زیادی بکردایە، وگومانی خراپەمان بۆ دروست ببوایە، ئەو زەویە فراوانەشمان لەلا تەسك ببایەتەوە، ئەڕۆشتینە لای - مەبەستی: (ابن تيمية ) یەی مامۆستای - و هەر ئەوەندەی کە چاومان پێ دەکەوت و

---

(٨) (البخاري: ٧٧ / ٦٨٠٨، و مسلم: ٢٦٧١ ) .

(٩) (سورة النساء: ٨٣) .

گوێمان لە ووتەکانی دەبوو، هەموو ئەو شتانەمان لەسەر نەدەما .

٧ ▪ دەست گرتن بە کۆمەڵی موسڵمانان و پێشەوایانەوە: لەبەر فەرمودەکەی (حذيفة) کە فەرمویەتی: (كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ الْخَيْرِ وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنْ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: وَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ: نَعَمْ وَفِيهِ دَخَنٌ، قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟ قَالَ: قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ، قُلْتُ: فَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ دُعَاةٌ إِلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، فَقَالَ: هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا، قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ، قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)[10] .

واتە: خەڵکی پرسیاری چاکە و چاکەکاریان لەپێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد و منیش پرسیاری خراپەکان، لەترسی ئەوەی نەکو تووشم بێت، پێم وت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە لەنەفامی وخراپەکاریدا بووین، خوای پەروەردگار ئەم چاکەیەی بۆ هێناین، ئایا دوای ئەم چاکەیە خراپە هەیە؟ فەرموی: بەڵێ، پێم وت: ئایا دوای ئەو خراپەیە جارێکی تر خێر دێتەوە؟ فەرموی: بەڵێ، بەڵام خڵتەو دڵپیسی و نیەت خراپی تێدایە . وتم: خڵتەکەی چیە؟ فەرموی: خەڵکانێك شوێنکەوتوو پەیڕەوی ڕێگەیەکن جگە لەڕێگەکەی من! ! هەندێ شتیان بەباشی دەبینیت وهەندێکی تریان ئینکار دەکەیت، وتم: ئایا دوای ئەو چاکەیەش خراپە هەیە؟ فەرموی: بانگەشە کارانێك دەبن بانگی خەڵکی دەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ، هەرکەسێك وەڵامیان بداتەوە و بڕواتە دەمیانەوە دەیخەنە دۆزەخەوە، واتە ئاکامیان دۆزەخ دەبێت لە دوا ڕۆژدا، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەسفیان بکە بۆمان؟ فەرموی: هەر لەخۆمانن وبەزمانی خۆشمان - واتە بە زمانی ئیسلامەتی - لەگەڵماندا دەدوێن . وتم: ئامۆژگاریم بەچی دەکەی ئەگەر گەیشتمە ئەو ڕۆژە و تووشیان بووین؟ فەرموی: لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان وپێشەوای موسڵمانان دەبیت، وتم: ئەی ئەگەر کۆمەڵ و پێشەوای موسڵمانان نەبوو؟ فەرموی: دوور بگرە لەهەموو ئەو کۆمەڵ و حیزب و تاقمانەی کە هەن، ئەگەر قەپیشت گرتبێت بەڕیشکە دارێکەوە تاکو مردنت پێ دەگات هەر لەسەر ئەو شێوەیە بە .

---

(١٠) ( البخاري: ٣٦٠٦ ، و مسلم: ١٨٤٧ ) .

**٨ ـ ڕەچاوکردن وجێبەجێکردنی بنەوای برایەتی ئیسلامی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ـ نەك لەبەر هیچ پەیوەندیەکی تری نەفامی بەهەر ناو نیشانێکەوە بێت ـ خوای بڵند و باڵا دەست فەرمویەتی:**

﴿ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ ﴾[١١].

**واتە: هیچ کەسانێك نیە کە بڕاوایان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکیان خۆش بووێت کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، با باوکانیان یان ڕۆڵەکانیان، یان برایاکانیان، یان هۆز و عەشرەتەکەیان بن، ئەوانە خوای پەروەردگار دڵی پڕکردوون لە باوەڕ.**

**وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی:**

**(من أحب لله، وأبغض لله، وأعطى لله، و منع لله ، فقد استكمل الإيمان)[١٢].**

**واتە: ئەگەر کەسێك خۆش ویستنی لەبەر خوا بێت، ڕق لێ بوونیشی هەر لەبەر خوا بێت، بەخشین و پێدانیشی تەنها هەر لە بەر خوا بێت، و ڕێگرتن و پێ نەبەخشینیشی هەر لەبەر ئەو بێت، ئەو کاتە باوەڕی تەواو دەبێت.**

**هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

**(لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)[١٣].**

**واتە: باوەڕی هیچ یەکێك لە ئێوە تەواو نیە تاکو ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت.**

**٩ ـ لەسەر خۆیی و نەرم ونیانی وپەلە نەکردن لەکاتی بەرپابوونی ئاشوب و ڕوودانی ئاشوب، کە وا دەکەن لەموسڵمان ڕاستیەکان ببینێ بەدانایی چاوڕۆشنیەوە، وهەموو لایەنی شاراوە و دووری و ئاکامەکانی لا ئاشکرا دەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:**

**(ما كان الرِّفْقُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا نُزِعَ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ )[١٤].**

**واتە: نەرم ونیانی لە هیچ شتێکدا نابێت ئیللا دەیڕازێنێتەوە، و لە هیچ شتێکیش ناکرێتەوە ئیللا ناشرینی دەکاتەوە.**

**١٠ ـ ئارامی و ئارامگرتن، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:**

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ

---

(١١) ( سورة المجادلة: ٢٢ ) .

(١٢) (صححه العلامة الألباني في: السلسلة الصحيحة: ٣٨٠) .

(١٣) ( البخاري: ١٣ ) .

(١٤) ( مسلم: ٤٦٩٨ ) .

رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴾[١٥] .

واتـە: خـوای پـەروەردگار تاقیتـان دەکاتـەوە بـە تـرس و برسـێتی و کـەم کردنی سامان یان مردنی کـەس و کـار و کـەم کردنـی بـەروبوومی زەرعـات و کشتوکاڵتان، لەم تاقیکردنەوەیەدا مـوژدە بدە بەوانـەی کـە ئـارامگرن، ئەوانـەی کـە تووشـی موسـیبەت و ناڕەحەتیـەك دەبـن دەڵێن: ( إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ )، ئەوانـە سەڵاوات، بـەزەیی خـوای پـەروەردگاریان لەسـەرە، هـەر ئەوانەشـن کـە هیدایـەت دراوون .

وە پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمویـەتی: (إِنَّ مِنْ وَرَائِكُمْ أَيَّامَ الصَّبْرِ، الصَّبْرُ فِيهِنَّ عَلَى مِثْلِ قَبْضٍ عَلَى الْجَمْرِ، لِلْعَامِلِ فِيهِنَّ مِثْلُ أَجْرِ خَمْسِينَ رَجُلًا يَعْمَلُونَ بِمِثْلِ عَمَلِه، قَالَ يا رسول الله: أجر خمسين منهم، قالَ: أجر خمسين منكم)[١٦].

واتـە: ڕۆژانێـك دێـن لـە دوای ئێـوە، ئارامگرتن تیایاندا وەکو دەست گرتنە بـە ئەسـکڵەوە، بـۆ هـەر کەسـێك کـە لـەو سەردەمانەدا کردەوەی چاك ئەنجام بدات پاداشـتی پـەنجا کەسـی هەیـە کـە کردەوەیـان وەکـو ئـەو ئـەنجام دابێـت، ووتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ پاداشـتی پـەنجا لـە خۆیـانی هەیـە؟!

(١٥) ( سورة البقرة: ١٥٥ ـــ ١٥٧ ) .

(١٦) ( رواه ابن ماجة: ٤٠١٤ ، وصححه العلامة الألباني في الصحيحة: ٤٩٤ ) .

فەرمووی: بەڵکو خێری پـەنجا لـە ئێـوەی هەیە .

١١ ـ لەبیر نەکردنی ئەو مژدەیـەی کـەخوای پـەروەردگار و پێغەمبەرەکـەی ﷺ پێیـان داویـن کـەدوا ڕۆژ بـۆ ئـاینی ئیسلامە، وعاقیبەتیش بۆ لەخوا ترسانە، هەروەکو خوای پـەروەردگار فەرمویـەتی: ﴿ حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَاءُ ﴾[١٧] .

واتـە: تـاکو ئـەو ڕادەیـەی کـە ئـازار و ناڕەحەتی پێغەمبەران ـ درودی خوایان لە سـەر بێت ـ دەگاتـە ئـەوەی کە گومـانی ئەوە بەرن کە بە درۆوە خراون، ئەو کاتـە سەرخستنی ئێمەیان بـۆ دێـت، و سـەریان دەخەین .

وە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: (لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَلَا يَتْرُكُ اللَّهُ بَيْتَ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللَّهُ هَذَا الدِّينَ بِعِزِّ عَزِيزٍ أَوْ بِذُلِّ ذَلِيلٍ عِزًّا يُعِزُّ اللَّهُ بِهِ الْإِسْلَامَ وَذُلًّا يُذِلُّ اللَّهُ بِهِ الْكُفْرَ)[١٨] .

واتە: ئەم ئاینە دەگاتە ئەو شوێنەی کە شـەو و ڕۆژی بـە سـەردا دێـت، خـوای پەروەردگار هیچ خانو و ماڵێکی دروست

(١٧) ( سورة يوسف: ١١٠ ) .

(١٨) ( رواه أحمد في مسنده: ١٦٣٣٤ ، وابن حبان في صحيحه: ١٦٣١ ، و ١٦٣٢ ، وصححه العلامة الألباني في الصحيحة: ٣ ) .

کراوی قوڕ (المدر)، یان خانو و ماڵێکی دروست کراو لە مووی ئاژەڵ (کە پێی دەوترێت ڕەشماڵ یان دەوار) (الوبر) نایەڵێت ئیللا ئەم ئایینەی پێ دەگەیەنێت، بە سەر بەرزی بە دەستەڵاتێك بێت، یان بە سەرشۆڕی سەرشۆڕێك، سەرخستن و دەسەڵاتێکە خوای پەروەردگار ئایینی ئیسلامی پێ بە دەسەڵات دەکات و سەردەخات، سەرشۆڕیەکیشە خوای پەروەردگار بێ باوەڕی پێ سەر شۆڕ دەکات .

١٢ ▪ ڕوانین وبیرکردنەوە لە ئاکامی کردارەکان پێش پێ هەستانیان، لە (أبو هريرةﷺ) وە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی:

(حَفظْتُ منْ رَسُول اللّه ﷺ وعَاءَيْن، فَأَمَّا أَحدُهُمَا فَبَثَثْتُهُ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَلَوْ بَثَثْتُهُ قُطعَ هَذَا الْبُلْعُومُ)[١٩] .

واتە: دوو کۆمەڵە باس و فەرمودەم لە پێغەمبەری خواوە بیستووە ﷺ، یەکێکیانم پەرش و بڵاوکردووەتەوە، بەڵام سەبارەت بە دووەمیان ئەگەر پەخش و بڵاوی بکەمەوە، ئەم قوڕقوڕاگەیەم دەبڕێت .

١٣ ▪ خۆپاراستن لە ئاشوب و دوور کەوتنەوە لە شوێنی ئاشوب وخۆ تیا هەڵنەقورتاندنی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

(إنَّهَا سَتَكُونُ فتَنٌ الْقَاعدُ فيهَا خَيْرٌ منْ الْمَاشي فيهَا وَالْمَاشي فيهَا خَيْرٌ منْ السَّاعي إلَيْهَا)[٢٠] .

واتە: لە ڕۆژانی داهاتوودا فیتنە و ئاشووب ڕوو دەدات، ئەو کەسەی کە تێیدا دانیشتووە باشتر و ئەمین ترە لەتووشبوونی بەو فیتنە و ئاشووبانە لەوەی کە وەستاوە، وە ئەو کەسەش کە تێیدا وەستاوە باشتر و ئەمین ترە لەتووشبوونی ئەو فیتنە و ئاشووبانە لەوەی کە هەوڵ دەدات لێ ی نزیك بێتەوە.

وە فەرمویەتی:

(يُوشكُ أَنْ يَكُونَ خَيْرَ مَال الْمُسْلم غَنَمٌ يَتْبَعُ بهَا شَعَفَ الْجبَال، وَمَوَاقعَ الْقَطْر، يَفرُّ بدينه منْ الْفتَن)[٢١] .

واتە: زۆر نزیکە وای لێ بێت - لەبەر بوونی ئاشوب و ڕوودانی فیتنە - باشترین سامانی موسڵمان ئەوە بێت کە بڕکە مەڕێکی هەبێت، بیانبات بۆ شاخەکان، و ئەو شوێنانەی کە گژوگیای زۆر هەبێت، بۆ ئەوەی ئاییەنەکەی بپارێزێت لە ئاشوب و فیتنە .

١٤ ▪ بەئاگابوون لە دووڕوویی و دووڕووان، بەتایبەت لەکاتی ئاشوبدا، چونکە لەو کاتانەدا بەتوانا تر دەبن وزیاتر هەوڵی نانەوەی ئاشوب دەدەن، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

---

(١٩) ( البخاري: ١٢٠ ) .

(٢٠) ( البخاري: ٣٦٠٢ ، و مسلم: ٢٨٨٦ ) .

(٢١) ( البخاري: ١٩ ) .

﴿ لَوْ خَرَجُوا فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴾[22].

واتــە: ئەگــەر دوو ڕوان لــە گەڵیــشتاندا دەرچن بۆ تێکۆشـان و جیهـاد، ئـەوا کـەم کردن نەبێت زیادتان ناکەن، و هەوڵیشیان نانـەوەی فیتنـە و ئاشـوبە لـە نێوانتـان و لەگەڵ پەرتەوازە کردنتان، چونکە ئـەوان هــەموو هــەوڵێکیان نانــەوەی ئاشــوب و فیتنەو دووبەرەکی‌یە لە نێوان ئێوەدا، لـە ڕیزەکـانی ئێوەشـدا کەسـانێکی سـاویلکە هــەن، گوێبیــستیانن، و شــوێنکەوتەی ووتەکانیانن، خوای پەروەردگاریش زانـا و بە ئاگایە بە ستەمکاران و بێ بڕوایان .

**١٥** ـ خۆ فڕێدانە نێـو دەسـتەکانی پەروەردگار و لێپاڕانەوەی، لەگەڵ ئیلحاح کردن تێیدا، چونکە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویەتی:

(**تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَـا بَطَنَ** )[23].

واتە: پەنا بگرن لە خوای پەروەردگار لـە ئاشـووب و فیتنـە، ئـەوەی کـە ئاشـکرا و ئەوەشــی کــە پەنهانــە، وە یــەکێك لــە پاڕانەوەکانی ئەمە بـووە کـە دەیفـەرموو: (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْـرَاتِ وَتَـرْكَ الْمُنْكَرَاتِ وَحُبَّ الْمَـسَاكِينِ وَإِذَا أَرَدْتَ بِعِبَادِكَ فِتْنَةً فَاقْبِضْنِي إِلَيْكَ غَيْرَ مَفْتُونٍ**)[24].

واتــە: ئــەی پــەروەردگارم داوای: ئەنجامدانی کـاری چاکەت لێ دەکـەم، لـە گــەڵ وازهێنــان لــە خراپــەکان، و خۆشویستنی هەژاران، وە ئەگـەر ویـستی تاقیکردنەوە و ئاشووبێکت بە بەنـدەکانت هەبوو ئـەوا پـێش ڕوودانـی ئـەو ئاشـووبە بممرێنیــت و تووشــی ئــەو ئاشــوب و فیتنەیەم نەکەیت .

**١٦** ـ خۆگرتنەوە لە بژێوی ڕۆژانـە و دوور کەوتنەوە لەژیانی خۆشگوزەرانی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کـراویش بێـت، چـونکە یارمـەتی دەرێکـە بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی ئاشـوب و ڕوداوەکـان، خـوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾[25] .

واتـە: بخـۆن و بخۆنـەوە بـە بـێ زیادڕەوەی کردن تیایاندا، چـونکە خـوای پەروەردگار زیادڕەوی کاران و موسریفانی خۆش ناوێت .

**١٧** ـ مودارەسەکردنی ئایەتـەکانی قورئانی پـیرۆز و تێفکراندن وتێڕامـان لـە بەڵگـە و ئامۆژگاریـەکانی قورئـانی پـیرۆز، چـونکە یارمـەتی دەرە بـۆ جـێگیر بـوونی دڵ و بەردەوامی لـەکاتی ئاشـوبدا، خـوای پەروەردگار فەرمویەتی:

---

(٢٢) ( سورة التوبة: ٤٧ ) .

(٢٣) ( مسلم: ٢٨٦٧ ) .

(٢٤) ( رواه الترمذي: ٣٢٣٣ ، وصـــححه الألبــاني في صحيح الترغيب والترهيب: ٤٠٨ ) .

(٢٥) ( سورة الأعراف: ٣١ ) .

﴿ وَكُلاًّ نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (٢٦) .

واتە: باسکردنی بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێش خۆت بۆ زیاتر جێگیر کردن و دامەزراندنی دڵی تۆیە، وە ئەوەش کە لەم سورەتەدا هاتووە ڕەوایە و ئامۆژگاری و بیرخستنەوەشە بۆ باوەڕداران .

١٨ ▪ متمانە بوون بەخوای پەروەردگار و زیندوو کردنەوەی گەشبینی لە دەرونەکاندا بەوەی کەمرۆڤ دەتوانێت هۆکار (فاکتەر) ی ئارامی و بڵاوکردنەوەی ئاسایش بێت لە کۆمەڵگادا، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴾ (٢٧) .

واتە: یەکێك لەو ئاداب و ئاکارانەی کە پێویستە موسڵمانان پابەند بن پێوەی، و لە ژیانیاندا پیادەی بکەن، ئەوەیە ئەگەر کەسێکی خراپەکار و فاسق هەواڵێکی پێ ڕاگەیاندن، ئەوا دڵنیایی بکەن لە ڕاست و درۆی هەواڵەکە، بۆ ئەوەی نەکو بە نەزانینەوە ئوممەت و کۆمەڵانێك تووش بکەن، پاشان پەشیمان ببنەوە لەوەی کە کردووتانە .

١٩ ▪ دوور کەوتنەوە لەزیادە ڕەوی کردن و لە لێکدانەوەی سۆزئامێزە (عاطفي) کان، و بەجوانی بیرکردنەوە و تێفکران تێڕامان لە واقع و ڕووداوەکان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

(حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُحِبُّونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ)(٢٨) .

واتە: شتێك بە خەڵك بڵێن کە لە ئاستی زانیاری و بیرکردنەوەیاندا بێت، ئایا پێتان خۆشە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە درۆوە بخرێن .

٢٠ ▪ جێگیرکردن و پتەوکردنی بنەوای قەزا وقەدەری خوای پەروەرگار لەدڵی موسڵماناندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴾ (٢٩) .

واتە: ئێمە هەموو شتێکمانً بە قەدەری خۆمان دروست کردووە، وەفەرمویەتی:

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ (٣٠) .

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز شتێکما تووش نابێت جگە لەوە نەبێت کە خوای پەروەردگار بۆی نوسیوین، هەر ئەویشە پشتیوانمان جا دەبا پشت و پەناو تەوەکول و متمانەمان تەنها هەر لەسەر ئەو بێت .

---

(٢٦) ( سورة هود: ١٢٠ ) .

(٢٧) ( سورة الحجرات: ٦ ) .

(٢٨) ( البخاري: ١٢٧ ) .

(٢٩) ( سورة القمر: ٤٩ ) .

(٣٠) (سورة التوبة: ٥١ ) .

٢١ ـ وەسێت کردن موسڵمانان لە نێوانیاندا بە فەرمان کردن بەچاکە ونەهی کردن لەخراپە، خوای گەورە فەرمویەتی:
﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ (٣١).
واتە: هەرگیز نەبووە و ناشبێت پەروەردگاری تۆ لادێ و شارێلێك لە ناو بەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەهل و دانیشتوانی چاكە خواز و چاكە كار بن، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:
(إن القوم إذا رأوا المنكر فلم يغيروه عمهم الله بعقاب من عنده)(٣٢).
واتە: ئەگەر هەر گەل و هۆزێك خراپەیان تێدا بلاو بووە، و لە پێش چاویاندا ئەنجام درا، و ڕێگریان لێ نەکرد و نەیانگۆڕی، ئەوا خوای پەروەردگار تووشی سزایەکی گشت گیریان دەکات لە لای خۆیەوە .
٢٢ ـ کردنی صەدەقەی زۆر لە گەڵ خێر و زیکری خوا، بەنهێنی و ئاشکرا، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:
(صنائع المعروف تقي مصارع السوء، وصدقة السرِّ تطفيء غضب الرب)(٣٣).
واتە: چاکەکاری ڕێگرە لە شێوە و شێوازی خراپی مردن و ئاخر شەڕی، و بەخشینی بەنهانیش تووڕەیی خوای پەروەردگار دەکوژێنێتەوە .
وە خوای پەروەردگار فەروویەتی:
﴿ فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ (٣٤).
واتە: ئەگەر ئەوە نەبایە کە پێغەمبەر یونس ﷺ لە نوێژگەران و زیکرکاران بوو، ئەوا تاکو ڕۆژی زیندو بوونەوە لە سکی نەهەنگەکە دەمایەوە .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

(٣١) ( سورة هود: ١١٧ ) .
(٣٢) (صححه العلامة الألباني في: صحيح الجامع: ١٩٧٤) .
(٣٣) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح الجامع: ٣٧٩٧).
(٣٤) ( سورة الصافات: ١٤٣ ـ ١٤٤ ) .